2005/10/08

ناڕەزایەتینامە دژ بە تەجریمکردنی کەرکووکییە نەگەڕاوەکان:

# خەڵکی گەرمیان لەژێر ئەو ناوەدا ئەنفال کران

ئێمە کە لەخوارەوە ئیمزامان کردووە ناڕەزایی خۆمان دەردەبڕین بەرامبەر بەو لێدوانەی سەرکۆماری عێراق و سکرتێری ی.ن.ک.، جەلال تاڵەبانیی، کە ڕۆژی 30.09.05 لە دوکان دای و تێیدا ئەو کەرکووکییانەی کە نایەنەوێت بچنەوە کەرکووک–ی بە "خائین" لەقەڵەم دا.

ئێمە پێمان وایە کە:

- ئەم لێدوانەی تاڵەبانیی لێدوانێکی نامەسئوولانەیە. ئەو بەحوکمی ئەوەی کەسێکە حکومەتی دراوەتە دەست و بەناوی حزبێکی حاکمیشەوە قسە دەکات، بڕیارە وەک "پیاوی دەوڵەت" قسە بکات و قسەیشی گوێی لێ بگیردرێت. بۆیە لێدوانێکی وا بۆی هەیە دەرگا بۆ ئەوە بکاتەوە کە ئیتر بە ڕەسمیی و بێ سڵکردنەوە هەم دەزگاکانی حکومەتی کوردستان و هەم خەڵکی ناوچەکانی تری کوردستان دەست بۆ حەقارەت کردن و جوداماماڵە (Discrimination) بە خەڵکانێک بەرن کە تەنها تاوانیان ئەوەیە دەیانەوێت مومارەسەی سەرەتاییترین مافی خۆیان بکەن و خۆیان شوێنی نیشتەجێبوونی خۆیان هەڵبژێرن.

- ئەم قسەیەی تاڵەبانیی بەجەریمەکردنی (Criminalizing) کاری کۆمەڵێک خەڵکە کە لەگەڵ ڕا و سیاسەتەکانی ئەودا نایەنەوە و دەرگاکردنەوەیەکە بۆ سزادانیان. بەر لە 17 ساڵ سەرکۆماری پێشووی عێراق، سەددام حسین، کە هەرگیز ڕۆژێک بە مەسئوولییەتەوە و وەک پیاوێکی دەوڵەت تەسەرڕوفی نەکرد، خەڵکی گەرمیانی بە (ألخونة) ناوبرد و هەر لەژێر ئەو ناوەدا و بەو بیانووەوە بە ئەنفال سزای دان و ڕەسمییەتی بە هەزاران هەزار حەقاراتی تر دا کە لەلایەن دامودەزگاکانی دەوڵەتەوە پێیان بکرێت. ئەم لێدوانەی ئەمجارەی تاڵەبانیی لە شێوە و لە ناوەڕۆکدا دەقاودەق دووبارەکردنەوەی ئەو تۆمەتە ناحەقانەیەی حکومەتی پێشووە دژ بە خەڵکی کەرکووک و گەرمیان.

- ئەم قسەیەی تاڵەبانیی سنووربەزاندنی کەرامەتی هاوڵاتیانە لەلایەن دەسەڵاتەوە. خەڵکی کەرکووک و هەموو هاوڵاتیانی تری کوردستان ئازادن لەوەی کە چی بیروبۆچوونێکیان هەیە سەبارەت بە چۆنییەتی تەرتیبکردنی ژیانی شەخسیی خۆیان و سەبارەت بە چارەنووسی شاری کەرکووک و چۆنییەتی خەبات بۆ سەلماندنی کوردستانیبوونی. ئەوان ئازادن و مافی

خۆیانە کە بیانەوێ چیتر سووتەمەنیی شەڕ نەبن و ئیتر بتوانن بۆ ماوەیەک لەشارێکی ئارامدا ژیان بکەن. ئازادن لەوەی کە سیاسەتی حیزبەکەی تاڵەبانییان پێ قبوڵ نەبێت سەبارەت بە کەرکووک و دیدی تایبەتیی خۆیان هەبێت بۆ خەبات بۆ کەرکووک، وە هیچ کەسیش بۆی نییە لەسەر ئەم بیروبۆچوونانەیان زیادەڕۆیی بکاتە سەریان.

- ئەم قسەیەی تاڵەبانیی دەرگاکردنەوەیەکە بۆ دروستکردن و برەوپێدانی گوتارێک کە ناسنامەی تەبەعییەت بۆ شارێک دەخاتە پێش ناسنامەی هاوڵاتیبوونەوە. ئەم سیاسەتەیە کە خەڵکی شارەکانی تری کوردستان هان ئەدات بە چاوی ناحەز و غەریب و کەسی کەمنرخ سەیری ئاوارەکانی کەرکووک بکەن. هەر ئەم سیاسەتەشە کە ئێستا لە دامودەزگاکانی کوردستاندا بە ئاشکرا جیێبەجێ دەکرێ و خەڵکی کەرکووک لەو شارانەدا بۆ کوێ ئەچن دەست دەنرێت بەڕوویانەوە و کاروباریان بۆ جێبەجێ ناکرێ و تەوزیف ناکرێن و بایەعییەکەیان بەزۆر نەقڵی کەرکووک دەکرێ و لەچەنان سیاقی تردا تەنگەتاو دەکرێن و وەک هاوڵاتی پلە دوو مامەڵە دەکرێن.

بۆیە داوا دەکەین تاڵەبانیی بەرەسمی ئەو قسەیەی بکێشێتەوە و داوای لێبووردنیش لەو خەڵکە بکات کە ئەم تۆمەت پیاکردنە دەیانگرێتەوە. چاوەڕوانیشین ئەو پلەدووییەی بە باڵای خەڵکی کەرکووکی دانیشتووی شارەکانی تری کوردستاندا بڕاوە لەلایەن دامودەزگاکانی حکومەتی کوردستانەوە، بەزووترین وەخت لاببرێت و ئەو خێزانە کەرکووکییانەی لەو شارانەدا نیشتەجێن لەڕووی مافە مەدەنییەکانەوە یەکسان وەک هەر هاوڵاتییەکی تری شارەکانی تری کوردستان مامەڵە بکرێن.

| ئیمزاکەران: | پیشە و وڵات |
|---|---|
| 1. ڕۆزا حسێن | نووسەر و خوێندکاری زانکۆیی نەرویج. |
| 2. دیار عەبدولکەریم | نووسەر و خوێندکاری زانکۆیی نەرویج. |
| 3. گۆران عەبدوڵلا | ڕۆژنامەوان کەنەدا. |
| 4. ڕێبوار عەبدوڵلا | کرێکار سوید. |
| 5. عیرفان کەریم | نووسەر |
| 6. تامان شاکر | ڕۆژنامەوان ئەڵمانیا. |
| 7. ڕزگار سالح | پێشمەرگەی دێرینی ینک، کارمەند لە ئاکادیمیای هونەرەجوانەکان هۆڵەندا. |
| 8. سیروان ئەمین | نووسەر |
| 9. عومەری خەطاط | نووسەر نەرویج. |
| 10. خەندە جەمال ڕەئووف | ڕۆژنامەنووس-ڕادیۆی نەوا سلێمانی. |
| 11. هێور عارف | خوێندکار بەریتانیا. |
| 12. جەزا حسێن | تورکیا. |

| | | |
|---|---|---|
| 13. كۆژیر عەلی | خوێندكاری زانكۆیی | |
| 14. هاشم بازرگان | خوێندكار | |
| 15. توانا عەلی | كرێكار | سویسرا. |
| 16. دڵشاد ئەمین | سوید | |
| 17. ئازاد عارف | شۆفێر | هۆڵەندا. |
| 18. هیوا بەكر | بەریتانیا. | |
| 19. هاوڕێ زەنگەنە | نووسەر و شانۆكار | ئەڵمانیا. |
| 20. ئەحمەد عەلی | سویسرا. | |
| 21.سەلاح گەرمیان | نووسەر | ئوستralia. |
| 22. سالار ڕەشید. | نووسەر | سویسرا. |
| 23. ئەبوبەكر ئەحمەد سلێمان. | نووسەر | هۆڵەندا |
| 24ڕامان حسێن | هونەرمەندی شێوەكاریی | فینلەندا |
| 25. نەجمەدین مەلا نوری | ئەندازیار | سوید |
| 26. شاهۆ شێرخان | خوێندكار | بەریتانیا. |
| 27. جوان ئەمین | سوید | |
| 28. ئاسۆ قەشقە | نەرویج | |
| 29. سەركەوت ئەمین | نەرویج. | |
| 30. جەمال مەحمود | كەنەدا. | |
| 31. نەمام موحەممەد | كەنەدا | |
| 32. محەمەد غەفور | نووسەر | هۆڵەند |

كۆمەڵێک لاوی سەر بە خێزانە کەرکووکییە نەگەڕاوەکانی سلێمانی لیستێک ئیمزایان بۆ ناردووین کە تیایدا پاڵپشتی خۆیان دەرئەبڕن بۆ ئەم نارەزاییینامەیە. وا لێرەدا ئێمە بە سوپاسەوە دەیانخەینە پاڵ ئیمزاکانی تر:



**ئیمزای پاڵپشتیی کەرکووکییە نەگەڕاوەکان بۆ ناڕەزاییینامەی کۆمەڵێک لە نووسەران و ڕۆشنبیرانی کورد**

| ناو | پیشە | ئیمزا |
|---|---|---|
| زانا خولان کریم محمود | خوێندکاری زانکۆ | |
| عایشە شەماڵ جلال | خوێندکار | |
| فاتیح عمر علی | فەرمانبەر | |
| بەهار خضر کریم | ژنی ماڵەوە | |
| سوزیا هادی محمد صالح | خوێندکاری پەیمانگا | |
| محمد حسین أحمد | خوێندکاری پەیمانگا | |
| نعیمة محمد صالح | ژنی ماڵەوە | |
| شادان محمود احمد | خوێندکار | |
| هیبات عەبدولکەریم | فەرمانبەر | |
| ایوب بکر محمد | فەرمانبەر | |
| کزدان عبد الحسن | فەرمانبەر | |
| شارا عثمان محمد | خوێندکار | |
| لاڤە حسین احمد | خوێندکار | |
| ڕێزان سعید ارشید | خوێندکار | |
| شاتوو صابر عبد الله | خوێندکار | |
| دیمەن عمر محمود | خوێندکار | |
| هاوناس صلاح عبدالله | خوێندکار | |
| بریفان رزگار محمود | خوێندکار | |
| زهراء احمد مجید | خوێندکار | |
| دەروونە عمر محمود | خوێندکار | |
| هێرا جلال رشید | خوێندکار | |
| شارا طاهر توفیق | خوێندکار | |
| هوشیار طاهر توفیق | خوێندکار | |
| ئەلیوان صابر عبدالله | خوێندکار | |

تکایە تۆش دەنگت بخەرە پاڵ دەنگمان و بۆ دەربڕینی ناڕەزایی خۆت ناوی خۆت لەژێر ئەم ناڕەزاییینامەیە بنووسە.

به کلیکه کردن لەسەر ئەم ئیمێڵە

rozahusein@yahoo.com